# بوون/کات/گێڕانەوە
## فەلسەفەی تەئویل لای پۆل ریکۆر

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا**



گێڕانەوە وەك زاراوە چەمکی بونیادگەرییانەی تێپەڕاندووە، لای بونیادگەرەکان گێڕانەوە بونیادێکی پەیکەرئامێزی هەیە، بۆیە وەك بابەتێکی پچڕاو لە بری (ناسنامە)و (زەمەن) دەردەکەوێت، هەر لەوێشەوە دەشێ لە پێناو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە بۆ یەکەو بەشگەلێك هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ قسەکردن لە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە تەواو جیاوازەو بەشێکی زۆری ئەو جیاوازییانەش لە سەر دەستی فەیلەسوفی فەرەنسی (پۆل ریکۆر)[1] گەلاڵە کراوە.
چیرۆك یان گێڕانەوە لای ریکۆر هەڵگری بونیادێکی بنبەستوو نییە، بەڵکو لە پرۆسیسەکردن و ئەزموونکردنەوە بەرجەستە دەبێت، هەر لەوێشەوە گریمانەی بنەڕەتی نێوان کردەی گێڕانەوەی چیرۆك و نێوان سرووشتی کاتی ئەزموونکردنی مرۆڤایەتی خۆی لە شێوەیەکی رۆشنبیریی ئاڵوگۆڕئامێزدا هەڵدەگرێتەوە، بەو شێوەیەش ریکۆر زەمەن، واتە زەمەنی مرۆیی شێوەیەکی گێڕانەوەئامێز فۆرمەلە دەکات، کەواتە گێڕانەوە بە هەموو ماناکانییەوە مەرجی وجودی زەمەنی لەخۆ دەگرێت، هەر لە رێگەی ئەو وێناکردنەی گێڕانەوە یان چیرۆکیش خودی مرۆڤایەتی پێگەیەکی سێنترالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا وەدەست دێنێت، بەو مانایەش رەتکردنەوەی خود رەتکردنەوەی خودی گێڕانەوەشی لێدەکەوێتەوە.
کەواتە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە دەکەوێتە دووتوێی ئەو ماوە شاراوەیەی کە لە نێوان خود و دنیای دەرەوەدا هەیە، کاتێك چاوێك رووداوێك دەبینێت یان ئاشنای دەبێت، دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو رووداوە بۆ ئەوەی چاوە بێئاگاکانی دیکەی لێبەئاگا بهێنێتەوە، ئەوەش واتە ئاشنابوونی خود لەگەڵ دنیای شتەکان و دیاردەکان لە رێگەی پرۆسەی خەڵقکردنی ماناو دەلالەتەکانی ئەو دیاردانەو بردنیان بۆ بواری ئاگایی فەردی و پاشان ئاگایی دەستەجەمعییەوە. هەر لە رێگەی ئەو چالاکییەشەوە خودگەرایی پراکتیزە دەبێت و خودی گێڕەرەوە لە میانی زەمەنی گێڕانەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە.
بەمجۆرە چیرۆك یان گێڕانەوە چەسپاندنی وجودە لە بەرامبەر دنیای شتەکان و هەر لە میانی دەنگ و زەمەنیشەوە جەخت لە ناسنامەکەی خۆی دەکاتەوە. بە مانایەکی دیکە خود لە رێگەی گێڕانەوە هەوڵدەدات دژی فەنابوون بێتەوە، ئەو هەوڵە لە لایەك بە ئەسڵکردنی ناسنامەی لێدەکەوێتەوە، لە لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی ناسنامە لە گێڕانەوەدا شیدەبێتەوەو لەنێو گێڕانەوەدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ناجوورییەك لە نێوان ناسنامەو گێڕانەوەدا دروست دەبێت،

واتە ئامادەگی یەکێکیان نکۆڵیکردن و رووخانی ئەویدیکە لەخۆ دەگرێت. ئەو ئاوێتەبوون و دابڕانە لای ریکۆر لە سەر ئاوێتەبوون و دابڕانی مێژوو و خەیاڵ دامەزراوە، لە بنەڕەتیشدا بۆ فیکرەی "قەرداری رابردوو" و "چەمکی هەنووکەیی" دەگەڕێتەوە، ئەگەر فیکرەی "ئێمە قەرداری رابردووین" بکەوێتە بەر رەخنەی "لیوتار" بەوەی کە خەڵک سۆزی بۆ گێڕانەوە گەورەکان نەماوە، ئەوە فیکرەی هەنووکەیی کە لای هایدگەر لە سەر تێگەیشتنی خود دامەزراوە لای ریکۆر بەرەو دەستەجەمعی دەبردرێت، وەك چۆن لە زۆربەی کارەکانیدا لە پرسیاری کۆسمۆلۆژی "قەدیس ئۆکستین"ەوە بەرەو پرسیاری نەفسی یان دیاردەگەرایی دەچێت!!

پەیوەندی نێوان گێڕانەوەو ژیان

لە هەموو چیرۆکێکی گێڕاوەدا دوو جۆر لە "کات–زەمەن" دەبینرێت: زەمەنێك کە لە زنجیرەیەك رووداوی بە دوایەکداهاتوو و پچڕاو و کراوەی بێکۆتاییدا بەرجەستە دەبێت، ئەو زەمەنەش هەمیشە پرسیاری ئەوەمان لا درووست دەکات کە دواتر چی روودەدات؟ هەڵبەتە مرۆڤ بە هەڵگری رووداوەکانی ئەو زەمەنە دێتە ژماردن. زەمەنێك کە تەواو پێگەییوو کۆتاییدارە، وەك دیارە ئەو ئاماژەکردنە راستەوخۆ بە گێڕەرەوەی یەکەم، خولقێنەری یەکەم–خودا– پەیوەستمان دەکات، چونکە دواجار بە بڕوای ریکۆر ئەوە گێڕەرەوەی یەکەمە لەنێو رێگا جۆراوجۆرەکانەوە رێگەی درووست نیشانی مرۆڤ دەدات، بۆیە "گێڕانە/چیرۆك" بۆ گەیشتن بەو پلەیەی "کەمال" لە هەوڵی بەردەوامدایە و هەمیشە خۆی بە قەرزاری ئەو چیرۆکە (یان رابردووە) دەزانێت و بە شێوەیەکی دیار هەوڵی وێنەگرتنی دەدات. دواجار ئەگەر دانانی چیرۆك یان گێڕانەوە لە رووی زەمەنییەوە فۆڕمەلەکردنێکی وێنەئامێزی رووداوە یەك بە دوایەکداهاتووەکانی مرۆڤ بێت، ئەوە لە سەر ئەو بنەمایە یەکەم: ئاوێتەکردنی رووداوە لە یەك دوورەکان و حیکایەتە جیاوازەکان تەعبیر لەو ناوەندە یان گرێ چنە دەکات کە دواجار چیرۆکی یەکرەنگی لێدەکەوێتەوە. دووەم: لە رێگەی بە یەکەم دانانی رووداوێك و هاوگونجاندنی نێوان بە یەك دژەکانی لە پێناو بەرجەستەکردنی رووداوی بە یەکەم دانراو جۆری دووەم لە پلۆت بەرجەستە دەبێت. جۆری سێیەم دەشێ لە رێگەی کێبڕکێی نێوان رووداوە بە یەکداهاتووەکانەوە فۆرمەلەکردنێکی وێنەیی بسازێنین. هەڵبەتە کۆی ئەو سێ جۆرە جیاوازەی چنینی چیرۆك/گێڕانەوە لای ریکۆر بە بێ خەیاڵی داهێنەرانە کورتی دێنێت، ئەگەرچی وەك دەزانین لە پشت کاری خەیاڵیش قەرداربوونی رابردوو یان بە مانایەکی دیکە مۆدیلە یەك لە دوا یەکەکانی کەلەپوری مرۆڤایەتی ئامادەگی هەیە، بۆ نموونە مۆدیلی مەکیسم گۆرگی، سیرڤانتس، کافکا، مارکیز....

لێرە وەك دەردەکەوێت لە کۆی هەوڵەکانی ریکۆردا خەیاڵ وەك ناوەندیارێك رۆڵ دەگێڕێت، بە مانایەکی دیکە ریکۆر مانای گێڕانەوە یان دەلالەتی گێڕانەوە لە کارلێکردنی نێوان دنیای دەق و دنیای خوێنەردا دەبینێت. کەواتە بە بێ خوێنەر دەق ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەپێنێت، چونکە هەموو دەقێك لە رێگە خوێندنەوەوە بە خاوەن دەکرێت و دنیای ناوەکی خۆی بڵاو دەکاتەوە، ئەو دنیایەی کە لە کەسێتییەکان و رووداوە گێڕاوەکانەوە بونیاد نراوە. دنیای دەق

کردەیەکە بەردەوام ئاسۆی جیاواز بۆ ئەزموونە شیاوەکان دەکاتەوە، دنیایەکە دەشێ هەموو خوێنەرێك بە جیاوازی ئاست و بیروڕاو پلەو پایەو... خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بەو مانایەش دەق بە سەرخۆیدا داخراو نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گەردوونی نوێ و جیاوازە لەو گەردوونەی کە تێیدا دەژین.

کەواتە خوێنەر سەر بە ئاسۆی ئەزموونی کارە لە خەیاڵدا، بە واتایەکی دیکە ئەگەر دەق ئاسۆی پێشبینیکردن بێت ئەوە خوێنەر ئاسۆی ئەزموونکردنە و بەردەوام ئەو دوو ئاسۆیەش یەکتر تەواو دەکەن و لەنێویەکدا دەتوێنەوە. لێرەوە دەق پەیوەندیارێکە لەنێوان مرۆڤ و دنیا، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و خودی خۆی. یەکەم پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دنیا بە سەرچاوە دادەنرێت، دووەم پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بە کۆمینیکەیشن، سێیەم پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی بە تێگەیشتنی خودەوە بەندە. تەواوی کاری ئەدەبیش لەو سێ رەگەزەوە بونیاد دەنرێت. بەڵام نە سەرچاوەگەرێتی بە مانا وەسفییەکەی و نە کۆمینیکەیشن بە مانا سوودگەراییەکەی و نە لێوردبوونەوەی خود بە مانا نێرگزییەکەیەوە.

"ئایسەر (1926-2007" کە نووسەر و رەخنەگرێکی ئەڵمانییە پێیوایە دەقی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە یەکێکیان هونەرییەو ئەویدیکەیان جەمسەری جوانییە. جەمسەرە هونەریەکە دەقی نووسەرەکەیەو جەمسەری ئیستاتیکیش خوێنەر جێبەجێی دەکات. کەواتە لای "ئایسەر" ناکرێت بڵێین بەرهەمی ئەدەبی بە واقیعکردنی دەقە یان هاوجووتکردنی دەقە لەگەڵ واقیع، بەڵکو حاڵەتێکە لەنێوان هەردووکیان. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە دەقی ئەدەبی خەسڵەتێکی جووڵەئامێزی هەیە، ئەو جووڵەیەش لە ئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەوە درووست دەبێت.[2]

وەك چۆن لای ریکۆر پلۆتی چیرۆك لە سەر کاری هاوبەشی نێوان دەق و خوێنەر دادەمەزرێت و دواجار ئەوە کردەی خوێندنەوەیە کە کاری ئەدەبی تەواو دەکات، خوێندنەوەش بۆخۆی لە بنەڕەتدا رێگەیەکە لە ژیانکردن، ژیانکردنێك لە دنیای خەیاڵدا، وەك چۆن خەیاڵیش ئەو کاتە تەواو دەبێت کە دێتە نێو ژیانەوە، ژیانیش لە چیرۆکدا نەبێتە فەهم ناکرێت.[3]

## کانت و خەیاڵی ئیبداعی

وەك دەزانین تێزەکەی ریکۆر لە دەقدا تەواو نابێت، بەڵکو لە خوێنەردا سیما جیاوازەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەویش بەو مەرجەی کە دووبارە داڕشتنەوەی دەق شیاو بکەوێتەوەو خەیاڵیش رۆڵی ناوەندیاری تێدا بگێڕێت. بە مانایەکی دیکە ئەوەی کە گێڕانەوەی ریکۆری لە سەر بونیاد نراوە خەیاڵی "کانت"ی و تێگەیشتنی زەمەنی "هایدگەر"ییە. ئەگەر خەیاڵی کانتی خەیاڵی ئیبداعی بێت، ئەوە زەمەنی هایدگەری بە زەمەنی بوونی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت.

ئەگەر لای ریکۆر قسە لە خەیاڵی ئیبداعی بکەین دەبینین پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە لە سەر دوو خاڵی گرنگی تیۆری خەیاڵی کانتی کار دەکات، لە خاڵی یەکەمدا کانت دەڵێت: خەیاڵ لێپرسراوە لە چەمکەکان و پێشینە ناوەندیارەکان، ئەوەش بە بەردی بناغەی مەعریفەی کانتی

دێته ژماردن. خاڵی دووەم لای کانت خەیاڵ وەسیلەیەکی ناوەندیارە لەنێوان دنیای ئازادی و سرووشتدا، ئەو دوو دنیایەی کە بەرابەر یەکتر وەستاون. هەروەها خەیاڵ لای کانت دوو وەزیفەی هەیە: وەزیفەی خەیاڵی پاشکۆخواز کە خۆی لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان وێنەگرتنی شتە نادیارەکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەو گرفتە سێنتراڵییەی کە شیکردنەوەی باڵایی لەخۆ دەگرێت، ئەوەش لەو پرسیارەوە دێت کە چۆن دەشێ چەمکێك وەرگرین بۆ ئەوەی ئەزموونی بکەین، چۆن ئەو گوتانە بە سەر ئەزمووندا جێبەجێ دەبێت؟ لێرەدا وەزیفەی خەیاڵ لای کانت ئەوەیە کە لە لایەك گوتەکان بونیاد بنێت و لە لایەکی دیکە رووخساریان بۆ دابڕژێت ئەوەش یەکەم لەگەڵ دووەم جووت دەکات یان بە شیاوی جووتبوونی دادەنێت، هەروەها ئەو ناوەندیارەی نێوان خەیاڵ و حەساسیەت ئەو رۆڵەیە کە کانت بە هێلکاری نەخشەبۆکێشراو ناوی دەبات، هێلکاری نەخشە بۆکێشراو خۆی لەخۆیدا بەرهەمی خەیاڵە، لێرەدا زاراوەی خەیاڵی ئیبداعی یان خەیاڵی بەرهەمهاتوو دێتە ناوەوە. هەر لەوێشەوە کانت پێناسەی هێلکاری نەخشە بۆکێشراو بەمجۆرە دەکات: کردەیەکی خەیاڵییە خۆی لە هێلکارییدا نمایش دەکات کە پێی دەڵێن وێنەی چەمك، ئەو نەخشەیە کردەیەکی خەیاڵییە بۆ خەڵقکردنی شێوە زەمەنیەکانی گوتە جیاوازەکان، هەر لە سەر ئەو بنەڕەتەش ریکۆر دەڵێت: کانت یەکەم بیریارە کە لە رێگەی رێبازە نەخشەسازییەکەیەوە پەیوەندی لەنێوان شێوەکانی زەمەن و خەیاڵ دادەمەزرێنێت.[4]

خەیاڵ لە دنیای کانتدا وەسیلەی لێوردبوونەوەی نێوان ئازادی و سرووشتە دەتوانێت لە جیاوازی رەگەزەکانەوە تەنیایی درووست بکات، تەنیاییەك کە لە رەخنەی سێیەمدا بە حوکمی تەئەمووڵی ناوی دەبات، بەڵام لای ریکۆر ئەوە گوتاری گێڕانەوەیە کە شێوە زەمەنییەکانی مرۆڤ درووست دەکات، واتە وەك چۆن وێنە نوێنەرایەتی بینینە بۆ واقیع، بینینێك کە فەزا دەستی لە درووستکردنیدا هەیە، بە هەمان شێوە گێڕانەوەش نوێنەرایەتی زارەکییانەی واقیعە کە زەمەن وێنەی دەکێشێت یان بونیادی دەنێت. ریکۆر پێیوایە ئەوە خەیاڵە دەق درووست دەکات و دەقیش رێسای تایبەت بەخۆی دەسازێنێت، بەو مانایە داهێنان دەکەوێتە ژێر ئاست و پێوانەکانی خەیاڵەوە.

بە کورتی تیۆری گێڕانەوەی ریکۆر لەنێوان فیکرەی وێنەی نەخشە بۆکێشراو و رەمزییەت هاوپەیوەستبوونێك دادەمەزرێنێت، یەکەمیان ئاماژە بە زەمەنی دیاریکراو دەکات، بەڵام دووەمیان نوێنەرایەتی فیکرە ئیستاتیکییەکان دەکات، هەر لەوێشەوە فیکرەی "ئایسەر"مان لە بارەی دەق و خوێنەر بیر دەخاتەوە.

کەواتە گێڕانەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی داهێنان هەر تەنها بە بابەتی ئەدەبییەوە بەندنییە، بەڵکو بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی فیکرە قووڵەکانی کانت، بەمجۆرەش ریکۆر لە رێگەی بەکارهێنانێکی ئەدەبیانەوە وای کردووە هەر یەك لە پرۆسەی خەیاڵی ئیبداعی و زەمەن زێتر قابیلی قبولکردن بن، بە مانایەکی دیکە ئەگەر گێڕانەوە خستنەرووی ئەو هونەرە تەمومژاوییە بێت کە وێنە نەخشە بۆکێشراوە هەستپێنەکراوەکەی کانت لەخۆ بگرێت، ئەوە پلۆت کە

پێکهاتەی سێنترالیانەی گێڕانەوەیە جگە لە دانانێکی داهێنەرانەی زەمەن شتێکی دیکە نییە، دانانێك کە لە ئەزموونە هەڕەمەکیە جیاوازەکانەوە زەمەنێکی یەکگرتوو دەخاتەوە. کەواتە توانای خەیاڵ ناکەوێتە سەر وێنەگرتنی زەمەنەوە، وێنەگرتنێك کە بە هونەری شاراوەی رۆحەکانەوە دێتە ژماردن، بەڵکو ئەو توانایەیە کە کار لە سەر پرۆسەی فۆرمەلەکردنی نەخشە بۆ کێشراوەکانی چنینی گێڕانەوە دەکات، هەر لەوێشەوە خۆی بۆ راڤەکردن و لێکدانەوە نمایان دەکات. دواجار وەك ریکۆر دەڵێت: خەیاڵ لە رێگەی ژیانەوە نەبێت بە کەماڵ ناگات، وەك چۆن لە کۆی چیرۆکە گێڕاوەکانەوەش نەبێت لە ژیان ناگەین.

## هایدگەرو زەمەنی بوونی مرۆیی

یەکێك لەو گرفتانەی کە هایدگەر لە بەشی دووەمی کتێبە بەناوبانگەکەی "الوجود و الزمان" قسەی لێدەکات گرفتی زەمەنە، بەشێك لە قسەکردنەکانیشی لە جیاکردنەوەی وجودی ئەسڵی و وجودی رۆژانە بەرجەستە دەبێت. لای هایدگەر زەمەن ئەو ناوەندیارە درێژکراوە بێ سنوورە نییە کە لە رێگەی کاتژمێرەکانەوە یان لە رێگەی جوڵەکانی زەوییەوە پێوانەی بۆ دەکرێت، بەڵکو بە تەمەنی مرۆییەوە بەندە، هەر بەو مانایەش زەمەنی مرۆیی دەخاتە بەراییەوە، زەمەنی مرۆییش وێناکردنی ژیان و مێژووی تاك لەخۆ دەگرێت، بۆ قسەکردنیش لەو بارەیەوە سێ چەمك دەسنیشان دەکات: دڵەڕاوکێ "القلق"، ویژدان، چارەنووس.

دڵەڕاوکێ: بە کورتی هەستکردن بە لە دەستچوونی شتەکان دەنوێنێ، بەومانایەش دڵەڕاوکێ پەیوەندی بە تەواوی ژیانەوە هەیە لە بەرامبەر مەرگ وەك کۆتایی، وەك تاکە بنەمایەکی ژیان. چونکە ژیان لە هەردوو باردا ئەوەیە کە بەرەو مەرگ دەبێتەوە. هەر تەنها دڵەڕاوکێشە ئەو مەعریفەیەی لەخۆ گرتووەو لەوێشەوە مرۆۋ لە لەبیرکردنەوە بەرەو دیدی گشتگیری دەکاتەوە: بەرەو مەعریفەی خود، وەك بوونەوەرێك کە بەرەو مەرگ دەچێت. هەر تەنها دڵەڕاوکێیە لە دەرەوەی حاڵەتەکان و هەڵچوونەکانەوە ئازادی مرۆڤی لەخۆدا هەڵگرتووەو مرۆۋ لە کۆت و بەندەکانی دۆڕان رزگار دەکات. بەمجۆرە لای هایدگەر مرۆۋ لە بوونی ئەسڵی خۆیدا بەرەو مەرگ دەچێت، هەروەها دڵەراوکێ بە پێی ئەو تەعبیرە حاڵەتێکە لە کەشفکردن و لە رێگەی کەشفکردنی بوون بەرەو مەرگ وەك شیاوێکی ئەنتۆلۆژی دەردەکەوێت.[5]

کەواتە دڵەڕاوکێ ئەو حاڵەتەیە کە مرۆۋ دەنگی ویژدانی خۆی تێدا دەبیسێتەوە، خودی ویژدانیش وەك هایدگەر گریمانەی دەکات ئەو شانە تەواوەیە کە مرۆۋ تێیدا لە میانییەوە تەعبیر لە دڵەڕاوکێ دەکات. ویژدان ئەو دەنگەیە کە لە میانییەوە قسە لە حاڵەتە نهێنی و بیدەنگەکان دەکرێت و مرۆۋ لە پەراوازەبوون و دۆڕانی نەفسی و فەنابوونی لەنێو خەڵك رزگار دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بێت. بەمجۆرە ویژدان بانگەشەکردنی نەفسە بۆ نەفس، بانگەشەکردنێکە لە دۆڕانەوە بەرەو ئەساڵەتمان دەبات.[6] ویژدان بانگی مرۆۋ دەکات بۆ ئەوەی لەو ونبوونە رزگاری بێت کە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوێشەوە بەرەو بڕیاردانی تاکانەو هەڵبژاردنی خودی دەکاتەوە. بەو مانایەش مرۆۋ وەك بنەڕەتێکی مێژوویی خاوەنی چارەنووسێکە.

هەڵبەتە زەمەن لای هایدگەر نە ئەو ناوەندیارەی "لینبتز"ە کە لە پەیوەندی نێوان رووداوەکان و نێوان جەوهەرو دیاردەکاندایە، نە ئەو زەمەنە بیۆلۆژیەی "برگسۆن"ە کە هەڵگری قەڵەمبازە زیندەگییەکانە، قەڵەمبازێك کە لە رابردووەوە بەرەو داهاتوویەکی بێکۆتایی دەبێتەوە، بەڵکو زەمەن لای هایدگەر زەمەنی وجودی کەسییەو لە هەموو ئەوانە جیاوازە، چونکە یەکەم: زەمەن زەمەنی خودەو درێژکراوەی ژیانی منە، بەو مانایەش زەمەن بنەمای بوونی مرۆڤ دەگەیەنێت.
دووەم: هەنووکەیی لە زەمەنی وجودی داهاتوودایە، هەروەها هەنووکە یان (وجودی خودگەرایی) واتە تێگەیشتن، تێگەیشتنیش هەبوونێکی وجودیانەی توانای هەبوونی هەنووکە دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە لە هەنووکەیی هایدگەریدا زەمەن لە رابردووەوە بەرەو ئێستاو داهاتوو ناجوڵێت، بەڵکو لە داهاتوو بەرەو رابردوو و ئێستا دەجوڵێت. سێیەم زەمەن لای هایدگەر کۆتاییدارە، واتە زەمەنی من دواجار کۆتایی دێت، کەواتە زەمەنی داهاتوو دەبێت زەمەنێکی کۆتائامێز بێت، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش مرۆڤ وەك زەمەن بوونێکە بەرەو مەرگ، بەرەو کۆتایی دەچێت.[7]
لێرەوە سەیرکردنی مرۆڤ وەك زەمەن سەیرکردنیەتی وەك ویژدان، ئەو دەنگەی کە مرۆڤ بەرەو ئازادی بوونی خۆی دەکاتەوە، ئازادییەك کە لە زەمەن و کۆتاییەکانی زەمەندا: لە وجود بەرەو مەرگ خۆی متداوە. کەواتە چارەنووس چییە؟ لای هایدگەر چارەنووس وەك ویژدان سێنتەری تاکە و خودی تاك خەڵقی دەکات.
ئەگەر لای هایدگەر زەمەن زەمەنی کەسی بێت ئەوە لای ریکۆر فەردی نییەو گشتییە، ئەویش بە دوو مانا: یەکەم زەمەنی جەماوەری، واتە زەمەنی کارلێکردنی نێوان کەسایەتی و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان. دووەم: زەمەنی جەماوەری، زەمەنی نێوان "گێڕانەوە/چیرۆك" و گوێگرەکان. دواجار خەیاڵ و زەمەن و شیانی ئەو سێ پێکهاتەیەن کە لە رێگەی ئەوانەوە بیر لە وجودی مرۆیی دەکرێتەوە، وەك چۆن لە رێگەی تەئویلەوە بیر لە دەق دەکرێتەوە.

ریکۆر و گێڕانەوەگەرێتی

لای ریکۆر چیرۆك/گێڕانەوە تەعبیر لە بوونی مرۆیی دەکات، وەك چۆن تەئویلیش مانای دەقەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام زەمەن ئەو پرسیارە "ئۆگستین" ئامێزە لای ریکۆر دەشێ لە رێگەی گێڕانەوە چارەسەرێکی شیعرییانەی بۆ بکرێت، ئەویش بە مەعقولییەت بوونی زەمەنەوە بەندە، هەر لەویێشەوە خەیاڵ ناکەوێتە دەرەوەی واقیع بەڵکو زیاد لە پێویست واقیعی دەکەوێتەوە، بە مانایەکی دیکە خەیاڵ توانای گوتنی واقیعی هەیە.
ئەگەر ئەرکی تەئویل راڤەکردنی دنیا بێت لە رووی دەقدا، دنیای دەقیش سەرچاوەکەی خەیاڵ بێت بەو سیفەتەی کە توانای دووبارە وەسفکردنی هەیە، ئەوە تەئویلکردنی دەق بەو مانایە نییە کە شاراوەکان کەشف بکات، بەڵکو بەو وەسفەیە کە تەفسیری وجود دەکات لە دنیایەك کە دەق دەیخاتە روو. دەقی ئەدەبیش وەك کردەیەکی مرۆیی جگە لە بوون لە زەمەندا شتێکی دیکە نییە. هەر لەویێشەوە دنیای دەق رێگەیەکە بۆ بوون لە دنیادا. کەواتە "چیرۆك/گێڕانەوە" نە واقیعییەو

نە وەهمییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ کەشفکردنی ئەنتۆلۆژیانەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بوون و گەردوون، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش ریکۆر قسە لە ئەنتۆلۆژیای خەیاڵ دەکات.[8]

ئەوەی کە گێڕانەوەی ریکۆر لە زەمەنی فەردی هایدگەر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە گێڕانەوە لەوێوە خۆی دەبینێتەوە کە جەماوەر یان گوێگرەکانی بەرەو خەیاڵ دەبات، یان بە مانایەکی ئاییني بەرەو ڕاستییان دەکاتەوە، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش دەشێ دووبارە گێڕانەوە وەك وەسفێك بۆ گێڕانەوە گەورەکان تەماشا بکرێت، بەڵام لای ریکۆر دووبارە گێڕانەوە گواستنەوەیە لە جەرەیانی زەمەنەوە بۆ ئەسڵی مێژوو، واتە ئەوە کردەی دووبارەکردنەوەیە، کە مێژوو دروست دەکات.

ئەو ڕەخنە سەرەکییانەی کە "دیڤید کار" بەرامبەر ریکۆری دەکاتەوە ئەوەیە کە "گێڕانەوە/چیرۆك" خەسڵەتی ڕووداوە ڕاستییەکان ناگوازێتەوە، ئەگەر بە گواستنەوەشیان هەڵسێت بڕوایان پێناکرێت. لە لایەکی دیکە "دیڤید کار" دەڵێت: چیرۆك نازی بەڵکو دەگێڕێتەوە، ژیان سەرەتاو ناوەند و کۆتایی نییە وەك ریکۆر دەڵێت، بەڵکو ئەو سیفەتە تەواو چیرۆکئامێزەو لە هونەرەوە بۆ ژیان گوازراوەتەوە.[9]

هەڵبەتە ریکۆر دژی ئەوەی کە پێی دەڵێن ڕووتکردنەوەی چیرۆك/گێڕانەوە لە زەمەن دەوەستێت و پێیوایە سەرەتا و ناوەندو کۆتایی بنەمای بونیادی گێڕانەوەیە، وەك چۆن زۆر بە سادەیی بە هەمان شێوەش زەمەنیش دەکەوێتەوە.

بەڵام "دیڤید کار" لە بارەی گێڕانەوەو دنیای واقیع دوو ڕەخنە ئاراستەی ریکۆر دەکات و دەڵێت: گێڕانەوە بە تەواوی لە دنیای واقیع نامۆیە نە دوور و نە نزیك هاوشێوەی واقیع نییە، بێگومان ئەو ڕەخنەیە دیدە پێوانە سازەکەی ریکۆر کە لە سەر دیدی واقیع بۆ چیرۆك وەستاوە هەڵدەوەشێنێتەوە. دووەم "دیڤید کار" دەڵێت ژیان لە پێچەکانیدا سیستمی گێڕانەوەی هەڵگرتووە، ئەوەش لە ڕۆشنبیریی ئەدەبی بە دیاریکراوی چیرۆك هاتۆتە بەرهەم. بەڵام ریکۆر بۆ ئەو دوو ڕەخنەیە یەك وەڵامی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە بونیادی گێڕانەوەدا نامۆ نییە، پێویستیشی بەوە نییە ئەو بونیادە لە چیرۆك بخوازێت، چونکە بونیادی خۆیەتی و قابیلی ڕەتکردنەوەش نییە، بەڵکو ژیان بۆخۆی جۆرە گێڕانەوەیەکی کورتکراوەیە، یان بونیادێکە دەکەوێتە پێش گێڕانەوە.[10]

لە لایەکی دیکە قسەکردن لە بارەی دووبارە گێڕانەوە هەر تەنها دووبارە بەرهەمهێنانەوە ناگەیەنێت، بەڵکو ریکۆر بە بەرهەمهێنان و داهێنانی دادەنێت کە ڕەنگە لە ژیان وەرگیرابێت، بەڵام لە ڕێگەی گرێ چنەوە گۆڕانکاری بە سەردا دێت، بەو مانایەش بونیادی گێڕانەوە کردەی لەخۆگرتن و کۆکردنەوەو بەناوەندکردن بەرجەستە دەکات. بە ناوەندکردنی واقیع و ڕووداوی فەردی، وەك چۆن لەخۆگرتنیش ڕەگەزە لێکدوورەکان دەگرێتەوە، یان لەخۆگرتنی ئاستی جۆراوجۆر لە زەمەن...

دواجار دەتوانین بڵێین پۆل ریکۆر لە کتێبی زەمەن و گێڕانەوەدا دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە بونیادگەرەکان لەنێوان ژیان و گێڕانەوەدا دروستیان کردووە. هەروەها لە جیاوازی نێوان خەیاڵی زانستی و خەیاڵی ئەدەبیدا دەڵێت لە هەموو ئەزموونەکانی خەیاڵی زانستی خود ملکەچە، ملکەچی پەیوەندییەکانەو ئەوەی بەردەوامیش ئامادەیی هەیە مێشکە، بەڵام خەیاڵی ئەدەبی ئاوێتەبوونێکە لە شوێنی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، لە لایەکی دیکەش پێیوایە لە نێوان مێژوو و خەیاڵ ئاوێتە بوونێك هەیە، وەك چۆن دابڕان هەیە. بۆ ئاوێتە بوون نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە شکسپیر دەخوێنینەوە، لەبارەی فیکرەی دابڕانیش چەمکی هەنووکەیی یان وجودی خودی دەخاتە روو.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

---

[1] -ثؤل ريكؤر لة 27ى شوباتى سالَى 1913 لة شارى "فالنس"ى فةرةنسى لةدايك بووة، لة دواى شةش مانط دايكى كؤضى دوايى كردووة، بةلاَم باوكى كة مامؤستاى زمانى ئينطليزى بوو لة سالَى 1915 لة بةرةكانى جةنطى جيهانى يةكةم كوذراوة، بؤية ئةركى بةخيَوكردنى خؤى خوشكةكةى دةكةويَتة ئةستؤى ماميية‌وة. خويَندنى دواناوةندى لة "رين" تةواو كردووة، ثاشان ضؤتة زانكؤو بروانامةى ماجستيَرى لة فةلسةفة بةدةست هيَناوة، ئينجا ضووة بؤ زانكؤى "سؤربؤن" لة ثاريس و لةوىَ نيشتةجىَ بووة. بؤ زيَتر شارةزايى برِوانة: بول ريكور، فلسةفة الارادة، الانسان الخطّاء، ترجمة: عدنان نجيب الدين، دار البيضاء- المغرب،ط1 2003، مقدمة.

[2] -خويَنةرو ثرؤسةى خويَندنةوةو راظةى دةق، ئا،و لة ئينطليزييةوة: عةلى عوسمان يةعقوب، طؤظارى ئايندة، دةزطاى ضاث و ثةخشى سةردةم دةريدةكات، ذمارة:78، ئايارى 2008، ل28.

[3] -الوجود و الزمان و السرد، فلسفة بول ريكور، ترجمة و تقديم: سعيد الغانمي، بيروت، ط1، 1999، ل 52.

[4] -ه.س.ث. ل64،63،62.

[5] -برِوانة: هيدجر، بقلم ماجوري جرين، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، سلسلة اعلام الفكر العالمي المعاصر، بيروت، 1973، ل29، 31،30.

[6] -ه.س.ث، ل37.

[7] -ه.س.ث. ل38،37.

[8] - الوجود و الزمان و السرد، ه.س.ث. ل85،84،83.

[9] -ه.س.ث. ل214.

[10] -ه.س.ث. ل225.